Royal College of Anaesthetists

DIFFICULT AIRWAY SOCIETY

# ڕێڕەوی هەوا و هەناسەدانت لەکاتی سڕکردندا

ئەم نامیلکەیە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی و چۆن پزیشکی سڕکەر ئاسانکاری بۆ ڕێڕەوی هەناسە و هەناسەدانت دەکات لەکاتی سڕکردندا.

## ناوەڕۆک

- ڕێڕەوی هەناسە چییە.
- بۆری گرنگە ئاگاداری بۆری هەناسەت بن لەکاتی نەشتەرگەری.
- چۆن هەڵسەنگاندن بۆ بۆری هەناسەت دەکرێت پێش نەشتەرگەری.
- چۆن ئاسانکاری بۆ بۆری هەناسەت دەکرێت لەکاتی نەشتەرگەری.
- مەترسی و بڕیاردانی هاوبەش.

## بۆری هەناسەت و هەناسەدان

کاتێک هەناسە دەدەیت، هەوا لەڕێگەی لوت و دەمتەوە دێتە ژوورەوە و بەناو دەنگەژێیەکان و بۆری هەوات دەڕوات بۆ گەیشتن بە سییەکانت. بەگشتیی ئەم پێکهاتەیە پێی دەوترێت ‘بۆری هەناسە’. لەشت ئۆکسجینی پێویست لەم هەوایەوە وەردەگرێت.



## گەیشتنی ئۆکسجین بۆنێو سییەکانت لەکاتی سڕکردن (ئاسانکاری بۆری هەناسەدان)

دڵنیابونەوە لەوەی ئۆکسجین بە بەردەوامی بەنێو بۆری هەناسەتدا دێت و دەڕوات بەشێکی گرنگی کرداری سڕکردنی گشتییە. دکتۆری سڕکردن مەشقپێکراون لەسەر هەڵسەنگاندنی بۆری هەناسەت و ئاسانکاری هەناسەدان لەکاتی سڕکردندا. هەروەها بەرپرسن لە چاودێری کردنت لەکاتی سڕکردندا، وە دڵنیادەبنەوە کە بەردەوام سەلامەتیت و بەئاسوودەیی خەبەرت دەبێتەوە.

لەکاتی سڕکردنی گشتیدا، ماسولکەکانی جەستەت شل دەبنەوە، لەگەڵیدا ماسوولکەکانی قورگ و سنگ. ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆی گیرانی ڕێڕەوی هەناسەدان یان تووشی هەناسەتەنگیت بکات. بۆ دڵنیابوونەوە لە هاتوچۆی بەردەوامی ئۆکسجین بۆ سییەکانت، پزیشکی سڕکردن ڕەنگە سۆندەیەک بخاتە نێو بۆری هەناسەت بۆ ئەوەی بەردەوام کراوە بێت - پێی دەوترێت سۆندەی بۆریچەی هەناسە.

### کردنەوەی ڕێڕەوی هەناسەدان

ڕێچکەیەکی کراوە هەیە بۆ ئۆکسجین تا بچێتە ناوەوە، وە دوانە ئۆکسیدی کاربۆن بێتە دەرەوەی سییەکان.



### داخرانی ڕێڕەوی هەوا

داخرانی دەبێتە ڕێگر لە تێپەڕینی ئۆکسجین بۆ ناوەوە، وە دوانە ئۆکسیدی کاربۆن بۆ دەرەوەی سییەکان.



پراکتیزێکی باوە کە سۆندەکە دەخرێتە ناوەوە لەدوای ئەوەی دەرمانی سڕکردن دەدرێت و خەوت لێدەکەوێت، تاکو ئاگات لەم کردارە نەبێت.

لەهەندێک حاڵەتدا وا سەلامەت ترە کە سۆندەی هەناسەدان کاتێک دابنرێت کە نەخۆشەکە بەخەبەر بێت، پێش ئەوەی دەرمانی سڕکردن بدرێت. دەتوانیت زانیاری زیاتر ببینیت دەربارەی دانانی سۆندەی هەناسەدان لەکاتی بەئاگایی دا لە: https://bit.ly/DAS-AwakeIntubation

پزیشکی سڕکەر بۆت ڕوون دەکاتەوە کام ڕێگەیە بۆتۆ سەلامەت ترە. لەزۆرینەی حاڵەتەکاندا، دانانی سۆندەی هەناسەدان لەکاتێکدایە کە نەخۆشەکە بێئاگایە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سڕکردن بە گشتی و بەجۆرە جیاوازەکانییەوە، ڕەنگە باش بێت نامیلکەکەمان بخوێنیتەوە: تۆ و دەرمانی بێهۆشکردنەکەت. تکایە لێرە سەیری ماڵپەرەکەمان بکە بۆ کۆپییەک لەم نامیلکەیە، کە بە زمانی جیاواز بەردەستە: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages

## چۆن هەڵسەنگاندن بۆ بۆری هەناسەت دەکرێت پێش نەشتەرگەری

پزیشکی سڕکەر دەبێت هەڵسەنگاندن بۆخۆت و ڕێڕەوی هەناسەت بکات تا سەلامەتترین ڕێگا بەکاربێنێت بۆ سڕکردنت. چەند پرسیارێکی گشتیت لێدەکەن دەربارەی باری تەندروستی پەیوەندیدار و سڕکردنی ڕابردوو کە ڕەنگە بۆت کرابێت. دڵنیادەبنەوە گەر هەر حاڵەتێکت هەبێت کە لەوانەیە ڕێگر بێت لەبەردەم جووڵەی ملت بەبێ ئاستەنگی. دڵنیادەبنەوە لەهەر کێشەیەک کە وابکات نەتوانی بە تەواوی دەمت بکەیتەوە، هەر کێشەیەکی ترشەڵۆکی گەدە یان کاری گەورەی ددان. گەر گۆشتی زیادە یان هەڵاوسانت هەبێت لەنێو ڕێڕەوی هەوا یان مل، پزیشکی سڕکەر سەیری هەر سۆنەرێک یان تیشکێک دەکات بۆت کرابێت وەک بەشێک لە هەڵسەنگاندنەکەت.

پزیشکی سڕکەر داوای چەند تاقیکردنەوەیەکت لێدەکات تا دڵنیابێتەوە:

- کە ئایا دەتوانیت بە فراوانی دەمت بکەیتەوە و تاچەند دەتوانن بە ئاسانی بەشی پشتەوەی قورگت ببینن
- چۆنیەتی جووڵەی شەویلگەت، داوات لێدەکرێت شەویلگەی خوارەوەت بجووڵێنیت و بەشی سەرەوەی لێوت بگەزیت
- تا چەند دەتوانیت ملت بە چەند مەودایەکی جیاوازدا بجووڵێنیت لەڕێگەی چەند جووڵەیەکی سادەوە.

هەندێکجار، ڕەنگە پێویست بکات سەیری ناو لووتت بکەن بە بەکارهێنانی کامێرایەکی بچووکی نەرم - ئەم کردارە بێ ئازارە.

ئەگەر لە ڕابردوودا پێت ڕاگەیەندراوە ئاستەنگی ڕێڕەوی هەناسەدانت هەیە، گرنگە کە پزیشکی بێهۆشی ئاگادار بکەیتەوە. ڕەنگە پێویست بێت پزیشکی بێهۆشی سەیری هەر تۆمارێک بکات لەسەر سڕکردنی پێشوو ئەگەر بەردەست بوو.

پێش دەستپێکردنی سڕکردنی گشتی، داوات لێدەکرێت ئۆکسجین هەڵمژیت جا چی لەڕێگەی ماسکی پلاستیکی بێت یان لەڕێگەی سۆندەی پلاستیکی نەرم کە لەسەرەتای لووتت دادەنرێت. ئەمە ڕێژەی ئۆکسجین لە سییەکانتدا زیاد دەکات.

## چی ڕوودەدات ئەگەر ئاستەنگی دروست ببێت بۆ ڕێڕەوی هەناسەدانم؟

ئەگەر ڕێڕەوی هەناسەدانت پێویستی بە ئاگاداری تایبەت هەبێت بۆ سڕکردنەکانی داهاتوو، پزیشکی بێهۆشی ڕەنگە (لەسەر ڕەزامەندی خۆت) ئەم زانیارییە لەنێو داتابەیسی ئاستەنگی ڕێڕەوی هەناسەدان تۆمار بکات.

کارتێکت بۆ ئامادە دەکەن تایبەت بە ئاگاداری ئاستەنگی ڕێڕەوی هەناسەدان، کە پێویستە پێت بێت لەکاتی سەردانیکردنی نەخۆشخانە لە داهاتوودا. کارێکی بەسوود دەبێت ئەگەر ئەم کارتە نیشانی پزیشکە گشتییەکەت بدەیت تاکو ئەوە بیشکێنێت کە ئەم زانیارییە لە تۆمارەکانتدا هەیە.

دەتوانیت وورده‌کاری دەربارەی کارتی ئاگاداری ئاستەنگی ڕێڕەوی هەناسەدان لەسەر وێبسایتی دی ئەی ئێس ببینیت: www.das.uk.com/aac/patient_information

## مەترسی و بڕیاردانی هاوبەش

سڕکردنە هاوچەرخەکان زۆر سەلامەتن. چەند کاریگەرییەکی لاوەکی باو هەیە بەهۆکاری سڕکردن یان ئەو کەلوپەلانەی بەکاردێن، بۆ نموونە ئەو کەلوپەلانەی بۆ ئاسانکاری ڕێڕەوی هەناسەدان بەکاردێن. ئەم حاڵەتانە بەگشتی مەترسیدار نین و درێژە ناخایەن.

دەتوانیت وردەکاریی زیاتر دەربارەی مەترسییەکانی پەیوەست بە سڕکردن بخوێنیتەوە لەسەر ماڵپەرەکەمان، کە لێرەدا بە زمانە جیاوازەکان بەردەستە: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages

چەندی مەترسییەکی گەورە هەن پەیوەندیدار بە ئاسانکاری بۆ ڕێڕەوی هەناسەدانی نەخۆشێک، هەرچەندە ئەم حاڵەتانە باو نین، دەگمەنن یان زۆر دەگمەنن. توێژینەوەیەکی گەورە لەسەر ئاڵۆزییەکانی ئاسانکاری ڕێڕەوی هەناسەدان دەریخستووە کە ئاڵۆزی گەورەی ڕێڕەوی هەناسەدان لە هەر ٢٢٠٠٠ حاڵەتێک یەک کەس تووشی دەبێت لەکاتی سڕکردنی گشتی. ئەمە هاوتایە بە کەسێک لە شارۆچکەیەکی بچووکدا.

بەهەرحاڵ، مەترسییەکانی تایبەت بەخۆت بەپێی باروودۆخی جەستەییت دەبێت لەگەڵ جۆری ئەو نەشتەرگەرییەی بۆت ئەنجام دەدرێت. پزیشکی سڕکەر باسی ئەو مەترسییە تەندروستیانەت لەگەڵدا دەکات کە پێی وایە گرنگن بۆت.

نموونەی ئەو ئاڵۆزییانەی کە تووشی نەخۆش دەبن تایبەت بە ڕێڕەوی هەناسەدان.

## شکست هێنانی بۆری هەناسەدان

هەندێکجار ڕەنگە پزیشکی سڕکەر لە سەرەتادا دانانی بۆری هەناسەدان کارێکی گران یان مەحاڵ بێت بۆی، ئەم حاڵەتە ناسراوە بە : "شکست هێنانی دانانی بۆری هەناسە". ئەگەر ئەمە ڕوویدا، لەوانەیە پێویست بکات پزیشکە سڕکەرەکە بەخەبەرت بێنێت و نەشتەرگەرییەکە دوابخات. یانیش دەتوانن بڕیار بدەن کە شێوازێکی جیاواز لە کۆمەڵێک تەکنیک کە بەردەستن بۆ دانانی بۆری هەوا بەکاربهێنن. شکست هێنانی بۆری هەناسە حاڵەتێکی نەباوە، بەڵام، زیاتر لە ئافرەتانی دووگیاندا ڕوودەدات لە حاڵەتی کتوپڕدا و بۆ ئەو نەخۆشانەی کە پێویستیان بە نەشتەرگەری کتوپڕ هەیە بە سڕکردنی گشتیی.

## هەڵمژین

لە هەندێک حاڵەتی دەگمەندا، کێشەی مەترسیدار ڕوودەدات بەهۆی بوونی کێشە لە ڕێڕەوی هەناسەدانی نەخۆشەکاندا. ئەمەش بەهۆی گەڕانەوەی ماددەکانی نێو گەدە بۆ نێو سییەکان، ئەم حاڵەتە بە هەڵمژین ناسراوە.

هەرچەندە زۆر دەگمەنە، بەڵام دەکرێت هەندێک لەم ئاڵۆزیانە سەر بکێشن بۆ مردن، زیانگەشتن بە مێشک و داخڵکردنی لەناکاو بۆ چاودێری چڕ.

## دەتوانیت چی بکەیت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکەت

### لەشڕێکی و شێوازی ژیان

ئەو نەخۆشانەی کە لەش ڕێکترن و دەتوانن ئاستی تەندروستی و شێوازی ژیانیان بەرەو پێش ببەن خێراتر چاک دەبنەوە لەدوای نەشتەرگەری و ئاڵۆزی کەمتریان دەبێت.

زۆر شت هەیە کە دەتوانیت بیکەیت بۆ خۆئامادەکردن بۆ نەشتەرگەرییەک. تەنانەت گۆڕانکاری بچووکیش دەتوانێت جیاوازی گەورە دروست بکات. لەوانەیە باشتر بێت ئاستی چالاکی جەستەیی خۆت زیاد بکەیت و شێوازی خواردنت پەرە پێ بدەیت. ئەگەر ماددە کحولییەکان دەخۆیتەوە یان جگەرە دەکێشیت، دەبێت کەمکردنەوەیان لەبەرچاو بگریت یان بە تەواوی دەستبەرداریان بیت.

ئەگەر کێشەیەکی تەندروستیی درێژخایەنت هەیە، پەیوەندی بە پزیشکی تایبەتی خۆت بکە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ئایا هیچ شتێک هەیە بیکەیت بۆ پەرەدان بە تەندروستیت پێش نەشتەرگەری.

ئەگەر قەڵەویت یان کێشت زۆرە، ئەمە کاری پزیشکی سڕکەر سەختتر دەکات لەکاتی ئاسانکاری بۆ ڕێڕەوی هەناسەدانت و ڕەنگە کارێکی باش بێت کێشت کەم بکەیتەوە پێش نەشتەرگەرییەکە.

سەرچاوەکانمان لە لەش ڕێکتر و باشتر و زووتر زانیاری پێویست دەخەنە بەردەست بۆ ئەوەی لەبارتر و باشتر خۆت ئامادە بکەیت بۆ نەشتەرگەریەکەت. تکایە لێرە سەیری ماڵپەرەکەمان بکە بۆ کۆپییەک لەم نامیلکەیە، کە بە زمانی جیاواز بەردەستە: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/translations#languages

### ددانەکان

زۆر گرنگە کە بۆ هەر کارێکی بەرچاوی ددان یان زیانگەیاندن بە ددانەکانت بە پزیشکی سڕکەر بڵێیت. ڕەنگە کارێکی باش بێت سەردانی پزیشکی ددان بکەیت پێش نەشتەرگەرییەکەت.

### نەخواردن و دەرمانی پێشوەختە

گرنگە بە وورییایی ڕەچاوی هەر ڕێنماییەک بکەیت دەربارەی ڕاگرتنی خواردن و خواردنەوە پێش سڕکردنت. بەگشتی شەش کاتژمێر پێش نەشتەرگەری خواردن ڕادەگیرێت و بۆ خواردنەوە دوو کاتژمێرە. ئەگەر هەر دەرمانێکت بە ڕەچەتە پێدراوە بۆ ترشەڵۆکی گەدە، گرنگە لەگەڵ خۆت بیبەیت بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکانی هەڵمژین.

### وەستانی کاتیی هەناسەدان لە خەودا

ئەگەر وەستانی کاتیی هەناسەدانت هەیە لە خەودا، مەترسی زیاتری ئاستەنگی ڕێڕەوی هەناسەدانت بۆ دروست دەبێت. ڕەنگە پێویست بێت شەوی پێش نەشتەرگەری بمێنیتەوە لە نەخۆشخانە تا لەنزیکەوە چاودێریت بکەن دوای سڕکردن. ئەگەر ئامێری هەناسەدانی (CPAP)ت بۆ پچڕانی کاتیی هەناسەدان لە خەودا هەیە، لەگەڵ خۆت بیهێنە بۆ نەخۆشخانە.

### ڕیش/مووی ڕوخسار

پزیشکی سڕکەر پێویستە ماسکێک لەسەر ڕوخسارت دابنێت بۆ دابینکردنی ئۆکسجین. دەکرێت ڕیشی زۆر ببێتە ڕێگر لەبەردەم دانانی ماسکەکە بە شێوازێکی دروست. پزیشکی بێهۆشی باس لەهەر مەترسییەک دەکات گەر پێیان وابێت مەترسی کارنەکردنی ماسکەکە بە دروستی لەئارادایە و بژاردەکانی دیکە چین.

### شێوازی قژ/درێژکەرەوەی قژ

پزیشکی سڕکەر دەبێت بە ئاسانی بتوانێت ملت بجووڵێنێت و بە سەلامەتی دەستی بە ڕێرەوی هەناسەت بگات. ئامۆژگاری دەدرێت لەسەر لابردنی بڕی زۆری درێژکەرەوەی قژ پێش سڕکردن، چونکە جووڵەی ملت گران دەکات.

### بڕیاردانی هاوبەش

بڕیاردانی هاوبەش دڵنیایی دەدات کە تاکەکان پشتگیری دەکرێن بۆ هەڵبژاردنی ئەو بڕیارانەی گونجاون بۆیان. ئەمە پرۆسەیەکی هاوکارانەیە کە تێیدا شارەزایەکی تۆرینگە هاوکاری نەخۆشێک دەکات تا بگاتە بڕیارێک دەربارەی چارەسەرەکەی.

گفتوگۆکە ئەمانە بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە:

- شارەزایی پزیشکەکە، وەک بژاردەکانی چارەسەرو بەڵگە و مەترسییەکان و سوودەکان
- ئەوەی کە نەخۆشەکە لە هەمووان باشتر دەیزانێت: خواستی خۆی، هەلومەرجی کەسی، ئامانجەکان، بەهاکان و باوەڕەکان.

زانیاری زیاتر بدۆزەوە لە: www.england.nhs.uk/personalisedcare/shared-decision-making

ئەمانە چەند کەرەستەیەکن کە دەتوانیت بەکاریان بێنیت تاکو زۆرترین سوود لە گفتوگۆکانت وەربگریت لەگەڵ پزیشکی سڕکردنەکەت یان ستافی هەڵسەنگاندنی پێش نەشتەرگەری:

#### هەڵبژاردنی چوارچێوەی کاری UK BRAN

ئەمە وەک بیرهێنەرەوەیەک بەکاربێنە بۆ پرسیارکردن دەربارەی چارەسەر.

https://bit.ly/CWUK_leaflet

#### خزمەتگوزاریی تەندروستی نیشتمانی (NHS) سێ پرسیار دەکات

لەوانەیە چەند هەڵبژاردەیەک هەبێت دەربارەی چاودێری تەندروستیت.

https://bit.ly/NHS_A3Qs

#### ناوەندی چاودێریی پێش نەشتەرگەری (CPOC)

ناوەندی چاودێریی پێش نەشتەرگەری وێنەی جوڵاوی بەرهەم هێناوە بۆ ڕوونکردنەوەی بڕیاردانی هاوبەش.

www.cpoc.org.uk/shared-decision-making

### ئەو پرسیارانەی کە ڕەنگە حەز بکەیت بیانپرسیت

ئەگەر پرسیارت هەبوو دەربارەی دەرمانی سڕکردن، بیاننووسەوە (دەتوانیت ئەو نموونانەی خوارەوە بەکاربێنیت و تێبینی خۆتی بۆ زیاد بکەیت لە بۆشاییەکانی خوارەوە). ئەگەر ویستت پێش ڕۆژی نەشتەرگەرییەکەت قسە لەگەڵ پزیشکێکی سڕکەر بکەی، ئەوا پەیوەندی بە تیمی هەڵسەنگاندنی پێش نەشتەرگەری بکە بۆ ئەوەی پەیوەندیت لەگەڵ پزیشکێکی سڕکەر بۆ ڕێک بخەن بە تەلەفۆن یان بتوانی چاوت پێی بکەوێت لە نۆرینگەکەی.

**1 ئایا هیچ کێشەیەکی ڕێرەوی هەناسەدانم هەیە؟**

**2 ئایا ڕووبەڕووی هیچ مەترسییەکی تایبەت دەبم؟**

**3 ...**

**4 ...**

**5 ...**

## ڕاگەیاندنی یاسایی

بارەیەوە بدەین .ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین ئەم زانیارییە گشتیانە وڵامدەرەوەی هەموو پرسیارێکتان بن و هەڵگری هەموو ئەو شتانەی بۆ ئێوە گرینگن .باشتر وایە بڕیارەکانتان و هەر جۆرە نیگەرانییەکتان بە تیمی پزیشکیی خۆتان ڕابگەیەنن و ئەم بروشورە وەك ڕێنوێنیێك بەکار بێنن .ئەم بروشورە باشترە وەك تاکە سەرچاوەی ئامۆژگاری لەبەر چاو نەگیرێت .نابێت بۆ مەبەستی تیجاری و پیشەیی بەکار بهێنرێت .بۆ ئاشکراکردنی تەواوەتی، تکایە کرتەیەك لێرە (www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani) بکەن.

هەموو وەرگێڕانەکان لەلایەن گرووپی ››وەرگێڕانی بێسنوور‹‹ ئامادەدەکرێن و تێکستەکان لە ڕووی کوالیتییەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی تا ئەو جێیەی بکرێت بێ هەڵە بن، بەڵام دیسان ئەگەری ئەوە هەیە هەندێکیان هەڵەیان تێدا بێت یان زانیارییەکان بە درووستی وەرنەگێڕ

## پێمان بڵێ ڕای تۆ چییە

ئەگەر هەر سەرنجێکی گشتیت هەیە تکایە بە ئیمێڵمان بۆ بنێرە بۆ: patientinformation@rcoa.ac.uk

**کۆلێژی شاهانەی پزیشکانی سڕکردن**
Churchill House, 35 Red Lion Square, لەندەن WC1R 4SG
02070921500

**www.rcoa.ac.uk**

**چاپی دووەم، ئادار 2023**
ئەم نامیلکەیە لە ماوەی سێ ساڵ پاش بەرواری چاپکردنی پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت.

**© 2023 کۆلێژی شاهانەیی بۆ پزیشکانی سڕکردن**
دەکرێت ئەم نامیلکەیە لەبەربگیرێتەوە بۆ مەبەستی ئامادەکردنی بڵاوکراوەی زانیاریی نەخۆش. تکایە ئاماژە بەم سەرچاوە ڕەسەنە بدە. ئەگەر دەتەوێت بەشێک لەم نامیلکەیە لە بڵاوکراوەیەکی تردا بەکاربێنیت، پێویستە پێزانینی گونجاو ئاماژەی پێ بکرێت، و لۆگۆ و براند و وێنە و وێنۆچکەکان لاببردرێن. بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن.